# ئەگەر هەركەسێكتان دەستنوێژی گرت وخوفەكانی لەپێكرد؛ ئەوا با نوێژیان پێوە بكات، ومەسحیان بەسەردا بكات، ودایان نەكەنێت بە ویستی خۆی مەگەر تووشی لەشگرانی بێت

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر هەركەسێكتان دەستنوێژی گرت وخوفەكانی لەپێكرد؛ ئەوا با نوێژیان پێوە بكات، ومەسحیان بەسەردا بكات، ودایان نەكەنێت بە ویستی خۆی مەگەر تووشی لەشگرانی بێت».

[صەحیحە] [دارەقوطنی گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەكاتەوە كە ئەگەر مسوڵمان خوفەكانی -یان گۆرەوییەكانی- بپۆشێت لەپاش دەستنوێژگرتن، پاشان دەستنوێژی شكا و ویستی دەستنوێژ بگرێتەوە، ئەوا بەسە تەنها مەسح بكات لەسەر خوفەكانی یان گۆرەوییەكانی ئەمیش بەپێی ویستی خۆی، ودەتوانێت نوێژیان پێوە بكات ودایان نەكەنێت بۆ ماوەیەكی دیاریكراو، مەگەر تووشی لەشگرانی بێت؛ لێرەدا دەبێت خوفەكانی یان گۆرەوییەكانی دابكەنێت وخۆی بشوات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8392

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee